کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 0:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕەوشت وە ئەلتەرناتیف بۆ ئیسلامەتی چییە؟ زنجیرەی یەکەم - ... د. شوان خورشید:**

هەڵبەتە خەڵکی هەست دەکەن کەپێویستیان بەبنەمایەکی ڕەوشتخوازی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکتر بڵێین چییە ڕێوشوین و هەڵسوکەوتی چاک وچییەڕێوشوینی و هەڵسوکەوتی خراپ. هەروەها پێویستیان بەهەمان بنەمای ڕەوشتخوازی هیەبۆ ئەوەی کونترۆڵی هەستو ویستەکانی پێبکرێت کەنەک هەرکەسو بۆ خۆی ببات و بکات بەشێویەک کەژیانی کۆمەڵ تێکبشکینێت و دابرزێنیت. لەبەر ئەمەسەیرئەکەین کەئەو کەسانە کە هەرچەند بەزۆریش باوەریان بەئاینش نییە، ئامۆژگاری ئاینی دەدەن. وەک باوکێک کەهیچ باوری بەئاین نییەبەکچەکەی دەڵێت "ئێمەئیسلامین و تۆ نابێت وەک بێگانەکان هەڵسوکەوت بکەیت"، وەیان ژنێک داوا دەکات کەمێردەکەی "ترسی خوای لەدڵ بێت"، بێ ئەوەی بزانێت وەیان لەگەڵ ئەوەی دەزانێت کەئیسلامەتی تەنها ژێردەستەیی بۆ ژن تەرخانکردوە. وەلەزۆر روشەوە پایەیکی نزمتر لەچاو ئەوەی پیاوان بەژنان دەبەخشێت. وەیان زەلامێک هەندی-بە-ساڵ-چووە داوا لەگەنجەکان دەکات کەرۆژو بگرن و نوژ بکەن، کەتەنانەت ڕەنگە باوەریشی بەئیسلام نەبێت، تەنها چونکە ئەو داواکارییە ئەو زەلامە دەکاتە سیمبولی وەیان تەنانەت خاوەن دەسەڵاتی ڕەوشت و ئاین وەنەک تەنها کەسێکی بێ هێزو لاواز کەرەنگە گەنجەکان ڕێزی لێ نەگرن.

بەڵام بەداخەوە ئەگەر ئاینەکان بەگشتی وەبەتابەتیش ئیسلام سوودێکیان لەلایەکەوە هەبێت دەیان زیانی گەورە دەبەخشنە دەرونو ناخی مرۆڤ. ئەو دڵرەقیەو کینەیە کەئیسلامەکان دەری دەبرن، دەردەکەوێت لەکوشتنی سەدان کەس بەتەقینەوە، وەلەسەربرین و جەڵدەکردن و دەستبرین، بێدەنگ بوون لەژنکوشتن، بەکەس نەکراوە مەگەر بەعسیەکان نەبێت. ئیسلام لەباتی ئەوەی هانی لایەنگرەکان بدات بۆ ئەوەی بەئاشتیانە لەگەڵ خەڵکیتردا بژین وەهاوکاری بکەن لەپیناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی کەبریتین لەهەژاری سەدان ملیونەها خەڵکی و گەرم بوونی زەوی وەتێکچونی ژینگەو زۆربوونی ژمارەی مرۆڤ و هێنانەدی ئاشتی، تەنها هانی ئیسلامەکان ئەدات کەبەگژ ئەم و ئەو بچن، رقیان لەنائیسلامەکان بیت و زاوزێ خیراتربکەن بۆ ئەوەی بەژمارەیان لە "کافرەکان" زۆرتر بێت، وەبەلایانەوە ژینگەهیچ پرسەیەک نییە.

ئیسلامەکان نەک تەنها لەگەڵ ئەمریکا و جولەکەکاندا بەشەر چوونە بەڵکو لەگەڵ هیندۆسەکان و ئێزیدیەکان و بودیستەکان وهەموو مەسیحیەکانیشداخوینرێژی ئەنجام دەدەن، تەنانەت لەنێوان خویانیشدا قەد ئاشتیان نەبووە. ئەگەر بڵێن نائیسلامەکان هان و فریو ئەدرین، باشەبۆچی هەواڵەکانی محمد لەنێوان یەکتردا شەریان کرد تەنانەت نەوەکانی محمد خۆیانیش کوشت پشت لەدوای پشتدا. ئەمە هەموو ئەوەدەبەخشێت کەئیسلام نەیتوانیوە و نەیزانیوە چون کەلتوری سیاسی ئاشتیخوازانە پەیدا بکات (باشە کەواتە چۆن باوەر دەکرێت کە "خۆدایەک" ئیسلامەتیی ناردبێت؟) .

ئیسلام هەروەها نەیتوانیوە کەلتوریکی بەرەهم هێنەر دروست بکات. محمد بناغەی دەوڵەتەکەی خۆی لەسەر تاڵان دروست کرد و دەیان ژنی بوو و ماڵی دروستکرد لەسەر تاڵان تەنانەت هەندی ژنەکانیشی هەربەتاڵان هینا بوو. ئیسلام بەهیچ شێوەیەک شوینەوەری شارستانیەتی بەجێ نەهێشتووە، وەئەوەیشی کەدەڵێن هەبووە (دەڵێن هەبووە!) نازانرێت ئایا لەئەنجامی تاڵانکردن بوونە وەیان نە. چونکەسەرەرای سامەنێکی زۆر لەزۆربەی ولاتە ئێسلامیەکاندا هەیە هەموویان هەژارن. وەهەرچەندی ئیسلامیتربن ئەوەندە هەژارتر دەبن مەگەر تارادەیەک نەوت کەموکوریەکانیانی داپۆشیبیت، بێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێکی زانیستی، تەکنەلوجی وەیان کەلتوری نوێ پێشکەش بکات.

ئەم دیارگانە چاوەروان دەکرێن، چونکە یەکەم مەرجی دروستبوونی سامان و شارسستانیەتی هەبوونی کەلتوریکی سیاسیە، کەبتوانێت ململانی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی ئاشتیانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڕێوەبەرێت. ئەم بۆچونە سەلمێندراوە. ئەزموونی دەوڵەتە کومەنیستەکان ئەوە دەسەلمێنیت کە ئەگەر ململانی ئاشتیانە لەسەر دەسەڵات نەبێت ئەو سیستەمە گەشە ناکات وە لەکۆتایدیشدا دائەتەپێت لەرووی کومەلایەتی و ئابورییەوە.
بەڵام زیاد لەهەموو شتێک تر، خەڵکی، تەنانەت ئیسلامیش بن، دەبێ زۆر بترسن لەوەی کەئەگەر هاتوو لایەنێکی ئیسلامی هاتەسەر دەسەلات وەیان خەریک بوون بیینەسەر دەسەلات ئەوا زەمینەبۆ یەکترکوشتن دێتە ئاراوە کەئیستاکە لەعیراقدا هەیەو کە لەدریژایی میژوی ئیسلامیدا هەبووە. خۆ ئیسلامەکانی کوردستان لەوانەی ئەفغانیستان و فەلستین و ئیران وەیان لەێحابەکانی محمد باشتر ئەبن؟
سەرەرای ئەمانەشەوە، ئەوەی کەباوەری بەوەیە کەئیسلامەتی دادرەوایی و دڵنەوایی دینیتە ئاراوە ئەوا خەیالی خاوە. لەکوێ وەلەچی کاتێکدا ئیسلامەتی هەبوە وە لەهەمان کاتیشدا دادڕەوایی هاتوەتەدی؟ محمد خۆی بەپارەی تالان دەیان مالی بۆ خۆی دامەزراند وەدەیان ژنی نوکەرو کویلەی هەبوو. وەچی خەلیفەییکی اموی وەیان عەباسی وەیان عیمانی رەوا بووە؟ رەنگەبلێین عمر. عمریش تالانکردنی نا عەرەبەکانی زیاتر کرد، وەهەر لەبەر ئەوەی کەئیران و ولاتانی تری ویران کرد بۆیەئیسلامیکی فارس کوشتی، وەهەرچەند ئیستاکە عەرەبەکان بەئیسلامی دانانین. لەگەڵ ئەویشدا هەر سنەکانن لەعمر ڕازین، عمر لەلای شیعەکانەدا یەکێکە لەهەرە بەدناوەکان. i
ئاشکرایە کەشارستانیەتی و بەهەرەداری بەدی نایەن ئەگەر دەسەڵاتێک پیشتیوانی لەرەوشتێکی جوان نەکرد. ئەگەر ئیسلامەتی داوای رەو شتی جوانی بکردایە من دژایەتی ئیسلامم نەدەکرد. بەڵام وەک وتم ئەگەر ئیسلام یەک سوودی رەوشتی هەبێت دەیان زیانی نا روەشتی هەیە. ئیسلام نەک ئیستا وەنەک هیچ کاتێکی تریش لە رابوردودا وەلەداهاتوودا سوودی لەزیانی لەرووی شارستانیەتی وەوەیان رەو شتییەوە، زۆرتر نەبووە وەنابێت.
هەڵبەتە من باسی سوودی رەوشتی وە شارستانیەتی ئیسلام دەکەم، نەک لە هەموو روویەکەوە. مەلا و شێخە مشەخۆرەکان وە رابەرەکانی تیرۆریستەکان سوودی چاک لە ئیسلام وەدەگرن. ئەو عەرەبانەی کە دەستکەوتەکانی خۆیان بە بە پێوەری داگیرکردنی روبەری سەر زەمین و فرە بوونی ژمارەیان وە بڵاو بوونیان دەپێوون، ئەوانە هەردەم سۆپاسگوزاری ئیسلام دەبن. ئەو پێاوا خوپەرستانە کە دەترسن دەسەڵاتیان لە دەست دەن لە ناو خێزانەکانیاندا لەبەر لاوازی و دواکەوتنی فیکریان لە ئیسلام زۆر سوود وەدەگرن، مەگەر ئیسلام ناڵێت "الرجال قوامون على النسا و ". بەڵام ئەوەی کە تیادا دەچێت شادییە، هونەرە، بەهەردارییە، ئافرەتانە، گەنجەکانن، بەتایبەت هەموو کچەکان و زۆربەی کورەکانیش بەتایبەت ئەگەر هەژاریش بن، ئابوری ولاتە، وە رێزی میللەتەکەیە لە ناو میللەتانی تردا کە بەختەوەر بوونە بە پێشکەوتن و شارستانیەت.
بەڵام لەگەڵ ئەویشدا من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کەهەموو داواکارییک بۆ گۆرینی هەڵسوکەوت وەیان رەوشت بەناوی ئیسلامەتیەوە نیشانەی خۆپەرستیە. یەکیک لەئامانجەکانی ئامازەکردن بۆفەلسەفەو ئاین و رەوشت، لەلای مرۆڤدا ئەوەیە کە سەرەنجی یەکتر ڕابکێشین بۆ ئەو راستییە کە لەژیانی کۆمەلایەتیدا شتێ تر هەیە سەرەرای قازانج و چەژو خۆپەرستی. هەلبەتە کە مرۆڤ بیر لەم بابەتانە دەکات هەندی دائەمێنێت و بیر لەخۆ دەکاتەوە لەبەر تیشکی ئەو سەنگانە وەیان ئەو چەمکانە کەفەلسەفەو رەوشت و دین دەستنیشانیان دەکەن وهەەر لەبەر ئەمەیە رەنگە هێمنتر بن وەرێزگرتربن لەژیان و ژانی خەڵکی تر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام ئەگەر زیانی ئیسلام لەسوودی زیاتر بێت دەبێت ئیمەبۆ ئەلتەرناتیفیک بگرێن. وەئەمەش بابتی زنجیرەی داهاتومە.

---

[i] هەڵبەتە کەم لایەن هەیە بە قەی کورد زیانی لێکەوتبێت بە دەست ئیسلامەوە وە بەتاییەتیش بە دەست عمر بن ختابەوە. هەلبەتە ئەو مێژو رەشە پێویستی بە لێکۆلینەوی زۆر هەیە. بەڵام خۆش بەختانە هەر ئیمرو بابەتەکەی (لینکەکەی لە خوارەوەیە) بەرێز کاک گۆران حاجیم بینی کە دەربارەی ئەو خلیفەیە نوسیویەتی.

http://kurdistannet.info/2007/7-2007/10-7/muhsin.pdf

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.